ئەی ئەبا زەر، تۆ لاوازیت، وئەمەیش ئەمانەتە، ولە ڕۆژی قیامەتدا هۆکاری سەرشۆڕی وپەشیمان بوونەوەیە؛ جگە لەوەی نەبێت کە بە ئەوپەڕی بەرپرسیارێتیەوە لە ئەستۆی دەگرێت، وئەوەی لەسەری ئەرکە جێبەجێی دەکات

لە ئەبی زەرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا من بەکارناهێنیت (دەستنیشانم ناکەیت بۆ فەرمانڕەوایی ودەسەڵات)؟ بە دەستەکانی لە نێو شانمی دا، وپاشان فەرمووی: «ئەی ئەبا زەر، تۆ لاوازیت، وئەمەیش ئەمانەتە، ولە ڕۆژی قیامەتدا هۆکاری سەرشۆڕی وپەشیمان بوونەوەیە؛ جگە لەوەی نەبێت کە بە ئەوپەڕی بەرپرسیارێتیەوە لە ئەستۆی دەگرێت، وئەوەی لەسەری ئەرکە جێبەجێی دەکات».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

ئەبو زەر -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە تایبەتی ئامۆژگاری کرد سەبارەت بە فەرمانڕەوایی ودەسەڵات، وئەمیش کاتێک بوو کە -ڕەزای خوای لێبێت- داوای کرد کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بیکات بە فەرمانڕەوا ودەسەڵاتی پێ ببەخشێت، ئەویش پێی فەرموو: (تۆ لاوازیت): ئەم وشەیە تۆزێک تونده بەڵام بۆ ئەمانەت دەبێت بووترێت ومرۆڤ دەبێت بەو شێوەیە وەسف بکرێت کە تێیدایە لە کاتی پێویستدا، ئەگەر بەهێز بوو بووترێت؛ وئەگەر لاوازیش بوو بووترێت، ومەبەست شکاندنەوەی نییە بەڵکو ڕوونکردنەوەی حاڵ وپێداویستیەکانی ئەم ئەرکەیە، وئەمیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەو مرۆڤەی فەرمانڕەوایی دەگرێتە دەست پێویستە بەهێز بێت وئەمانەت پارێز بێت؛ چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (وئەمەیش ئەمانەتە): ئەگەر بەهێز وئەمانەت پارێز بوو ئەوا سیفەتی فەرمانڕەوایی شایستەی تێدایە، ئەگەر بەهێز بێت وئەمانەت پارێز نەبێت یان بەهێز نەبێت بەڵام ئەمانەت پارێز بێت یان بەهێز نەبێت وئەمانەت پارێزیش نەبێت؛ ئەوا ئەم سیانە شایستەی ئەوە نین ئەرکی فەرمانڕەواییان پێ بسپێردرێت، بۆیە دەبێت ئەو کەسە بکرێتە فەرمانڕەوا کە بەهێزە وئەمانەت پارێزە؛ چونکە ئەمە سوودی زیاتری بۆ خەڵکی دەبێت، چونکە خەڵکی پێویستیان بە دەسەڵاتێکی بەهێزە، وئەگەر دەسەڵاتەکە بەهێز نەبێت ودینداریشیان لاواز بێت ئەوا هەموو شتێک تیا دەچێت. ئەم فەرموودەیە بنچینەیەکی مەزنە لە داواکردنی دەسەڵات وفەرمانڕەوایی؛ بە تایبەتی ئەگەر کەسەکە لاواز بوو لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ئەو دەسەڵاتە، و -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:(ولە ڕۆژی قیامەتدا هۆکاری سەرشۆڕی وپەشیمان بوونەوەیە): ئەمەش سەبارەت بە ئەو کەسانەیە کە شایستەی ئەو دەسەڵاتە نین کە پێیان بدرێت، یان ئەوەتا شایستەیە بەڵام دادپەروەر نەبوو لە دەسەڵاتدا، ئەوا خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا سەرشۆڕی دەکات وئاپرووی دەبات وستەمکارەکە پەشیمان دەبێتەوە لە هەموو ئەو کارانەی ئەنجامیدا. بەڵام ئەگەر شایستە بێت بۆ ئەو دەسەڵاتە ودادپەروەر بوو؛ ئەوا ئەم سزایە نایگرێتەوە چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (جگە لەوەی نەبێت کە بە ئەوپەڕی بەرپرسیارێتیەوە لە ئەستۆی دەگرێت، وئەوەی لەسەری ئەرکە جێبەجێی دەکات): واتا ئەو کەسەی شایستەیە وپێی دەدرێت ودادپەروەرە تێیدا ئەوا فەزڵ وپاداشتێکی زۆری بۆ هەیە کە لە زۆر فەرموودەدا باسکراوە؛ وەکو فەرموودەی: (خوای گەورە حەوت کۆمەڵ دەکاتە ژێر سێبەری عەرشی خۆی لە ڕۆژی قیامەتدا)، ولە نێو ئەو کۆمەڵانەش: (فەرمانڕەوایەکی دادپەروەر -بە مەرجێک مسوڵمان بێت-)، وهەروەها فەرموودەی: (دادپەروەران لەسەر مینبەری نور وڕۆشنایین لە ڕۆژی قیامەتدا)، وجگە لە ئەم فەرموودانە.